# جینز شامۆدەی ساڵی (٢٠١٦)یە

گۆڕانکاری لە مۆدی جلوبەرگ لە ساڵێکدا، بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆر تێپەڕ دەبێ، ئەو گۆڕانکارییانە وا لە کچان و ئافرەتان دەکەن کە پەیوەست بن و جلەکانیان لەگەڵ مۆدی تازە بگونجێنن، ساڵانێکە پانتۆڵی جینز (کاوبۆی)، لە لوتکەدایە و تەنانەت خانمان بۆ شوێنی دەوام و زانکۆش لەبەری دەکەن، پسپۆڕانی جوانکاری لە گۆڤاری (ئین ستایل – In style)ی ئەڵمانی مۆدی تازەترین جینزیان دەستنیشانکردووە تا لە ساڵی (٢٠١٦)ەدا، لە سەرووی هەموو جل و بەرگێك بێت، یەكێك لەو شێوازانەی کە بۆ ئەمساڵ دیاری کراوە، ئاماژەیان بەو جۆرە جینزە داوە کە لەلای پێیەکانەوە کراوە بێت، هەروەها لە شێوازی جەستەگر (بەدی) بێت بە تایبەت لەسەر ئەژنۆ و ڕانەکان، مەبەست لە کراوەیی پانتۆڵ لەلای پێیەکان بۆ گونجاندیەتی لەگەڵ پێڵاو، تەنانەت ئەگەر ئەوەی ئەو جۆرە جینزە لەبەر دەکات، پێیەکانی بچووکیش بن، بەشە گەورەبوونەکەی لە خوارەوەی ئەو جینزە بۆی دادەپۆشێت، ئەو شێوازە بە (کراوە - Cropped Flare) ناسراوە، وا پێشبینی دەکرێت لە ساڵی داهاتوودا شامۆدە و عەرشی جلەکان بگرێت.





## بلووز و پولۆڤەر جوانترت دەکەن

لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و نەمانی ئەو سەرما و سۆڵەی زستان، کە بەرەو وەرزی بەهار دەچین، خۆ ناکرێ هەمان ئەو جل و بەرگانەی لە ڕۆژانی سەرما و سۆڵەدا لەبەرت دەکرد، لە ڕۆژانی ساماڵ و خۆشدا لەبەری بکەیت. بۆ ئەو مەبەستە دەتوانی جلی دیکە لەبەر بکەیت، کە گەرمیشت بکاتەوە ومۆدێکی نایاب و جوانیش بێت، (بلووز – Pullover) یەکێکە لەو جلە گونجاوانەی لە ڕۆژانی ئاسایی دەتوانی لەبەری بکەیت، کە هەم نەرم ونۆڵە و هەمیش لە جوانیدا ناسك و ڕازاوەیە، بلووز، لەگەڵ هەموو جلێکی خوارەوە لەبەر دەکرێت، واتا لەگەڵ تەنوورە و پانتۆڵ و جینز، شێوازەکانی بلووز لە دوو شێوەی سەرەکی پێکدێت، یەکەمیان: بلووزی داخراو، واتە ئەوانەی بەبێ دوگمە و بەشی پێشەوەیان داخراوە، زیاتر لەگەڵ قەمیسێك لە ژێرەوە لەبەر دەکرێن، دووەمیشیان: بلووزی کراوەیە، کە بەشی پێشەوەی کراوەیە، هەندێکیان بە دوگمە و هەندێکی دیکەش بە زنجیر و بەشێکی دیکەشیان سادەن، دەتوانی لەگەڵ بۆدیەك یان کراسێك لە ژێرەوە ئەو شێوازە لەبەر بکەیت، لە بارەی ڕەنگ و نەخشەوە، دەتوانی هەر شێوازێك بە دڵ و خواستی بێت هەڵیبژێریت، بەڵام مەرجە ڕەنگی بلووز لەگەڵ ڕەنگی جلی دیکە یان لەگەڵ ئێکسسوارەکان شیك و گونجاو بێت.



# چۆنێتی گرنگیدان به شانه و فلّچەی پرچ

ئەگەرچی گۆڕانکاری لە مۆد و شێوازی جل و ڕووخسار و کەرەستەکاندا بە پێویست دەزانرێت، بەڵام زۆربەی ئافرەتان بۆ ماوەیەکی زۆر چەندین کەرەستەیان فەرامۆش دەکەن و ونایگۆڕن، هەروەها گرنگی بە پاکڕاگرتنیشی نادەن، یەکێك لەو کەرەستانەی کە پێویستە بگۆڕدرێن شانە و فلّچەی پرچە. هەندێ لە خانمان دەڵێن: ئەگەر کەرەستەکان پاك بن، ئیدی چ کێشەیەك هەیە ! بەڵام ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە و چونکە شانە هەردەم لەگەڵ پرچدایە لە هەموو کاتێك، ڕەنگە چەندین ڤایرۆس و میکرۆب کۆ ببنەوە و بە چاویش نابینرێت، جگە لەو حاڵەتانەش زۆربەی شانە و فلّچەی پرچ زیان بە پێست و ڕەگی مووەکان دەگەیەنێت، بەهۆی ئەو هۆکارانەوە پێویستە شانە و فلّچەی پرچ بۆیە کردن بگۆڕدرێت تا پرچت لە هەموو کێشە و گرفتێك بە دوور بێت، ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بەندن بە جۆر و شێوازی قژ، کاتێك شانەکەت کۆن و خراپ بێت، بەم چەشنە کاریگەری خراپی دەبێتە سەر پرچت:

- پرچ پاککردنەوە و داهێنان، زۆربەی وا هەست دەکەن کە داهێنان و شانە کردنی پرچ بە هەر شانەیەك بێت یان بە هەر فلّچەیەك بۆیەی بکەیت، کاریگەری خراپی دەبێت، بە تایبەت ئەگەر شانەکە لەلایەن چەندین کەسانی دیکەوە بەکارهێنرابێت.

- گنجی پرچ، هەنگاوێکی دیکەیە بۆ لادانی ئەو گنجی و بنجی تەڵەموانەی پرچ، بەڵام وا بیر بکەوە بەهۆی شانە و بۆیەی خراپ دەگەیتە ئەنجامێك، هەروەك چۆن لە سالۆنەکاندا بەشێکی زۆری شانە بەکاردەهێنن تا لەو کێشەیە بە دوور بن.

- پاککردنەوەی شانە و بۆیە: پێویستە لە دوای هەر دووجار شانەکردنی پرچ شانەکان پاك بکەیتەوە و ئەو تەلەموانەی بە شانەکەیەوە لێی بکەیتەوە و پاکی بکەیتەوە. دەشتوانی بۆ پاککردنەوەی شانە، ئاوی گەرم بەکاربهێنێت یان بە فلّچەیەکی پاك شانەکان پاك بکەیتەوە.

- ماوەی گۆڕانکاری شانە: پێویستە دوای هەر (٦) مانگ جارێك هەموو کەرەستەکانت بگۆڕیت تا کاریگەری خراپیان لەسەر تەندرووستی و جوانی پرچت نەبێت، چاکترە شانەی باش و لە مارکەی بەناوبانگ بەدەست بهێنیت تا قژت هەمیشە جوان و رازاوە بێت.



# خشڵ و ئێکسسوار لە کەرەستە و میوە و خواردن!

خشڵ و ئێکسسوارەکان، ئەوەندە زۆر و جۆراوجۆرن، سەری لە ئافرەتان شێواندووە ئاخۆ کامەی بە مل و دەست و مەچەکەیان وەبکەن، ئەو کارەش بۆتە جێگەی نیگەرانی زۆربەی خانمان، هەر بۆیە کچە دیزاینەرێکی هۆڵەندی، بەسەر ئەو بیرۆکەیەدا زاڵ بووە و توانیویەتی کارێکی تازە و ناوازە لە بواری ئێکسسوارەکاندا بکات، ئەو کچە ناوی (ڕۆمی کۆبرز) ە، تەمەنی (٢٧) ساڵە، کاری دیزاینی جل و ئێکسسوارە، چەندین جۆرە ئێکسسواری دروست کردووە، کە لە شێوەی ئێکسسوارەوە بە دوورن، بۆ نموونە: پارچەیەك لە میوە و سەوزە و خواردنێکی پیتزا و پارچە پەنیرێکی کردۆتە ئێکسسوار، وەك ئەوەی لەو ریتمە دووبار و لاسایی کەرەوەی شێوەی خشڵ و ئێکسسوارەکان دەربچێت و هەر خانمێك چی پێی خۆشبێت، ئەو جۆرە ئێکسسوارە هەڵبژێرێت و لەبەریان بکات، بۆیە لە داهاتوودا ئەگەر کچێکت بینی تەماتە و خەیارێکی بە ملی خۆی وەکردبوو، لەلات ئاسایی بێت و چونکە ئەوە ملوانکەیەکی مۆدێرنە، ئەو کچە دیزاینەرە دەڵێ: تا ئێستا چەندین ئێکسسواری لەمجۆرەم دروست کردووەو داواکاریشی زۆرە ئافرەتان هەڵیدەبژێرن.




# سەروپێ.. به تام و جۆشی جاران

سەر و پێ، یان پاچە، خواردنێکی کۆن و میللییە، لە دێرزەمانەوە ئەو خواردنە خۆشە لە لای زۆربەی خەڵك ناوازەیە و جاران و ئێستاش حەزی پێدەکەن و ماوە ماوەش لە ماڵەوە، یان لە چێشتخانەکانی سەر و پێی ژەمێکی ئەو خواردنە بە جۆشە نۆش دەکەن، لە کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی، شوێنی ئامادەکردنی پاچە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکان، لە ساڵی (١٩٥٠) چەندین وەستای کارامەی سەر و پێی هەبوون لەوانە: وەستا حاجی بەکر پاچە، وەستا عەمۆ، وەستا سابیر و مام برهان پاچەچی و وەستا یوسف پاچەچی، یەکەمینەکانی ئەو سەردەمە بوون لە دروست کردنی سەر و پێدا، جاران سەر و پێ بە (٦٠) فلس بوو، دوای چەندین ساڵ تا ئێستاش خەڵکێکی زۆر داوای سەر و پێ دەکەن یان دەچن لە چێشتخانەکاندا دەیخۆن، پاچە بە سبەینان و نیوەڕۆ و تەنانەت ئێوارانیش دەخورێت، بەڵام وەستایانی سەر و پێ دەڵێن: بەهۆی بەهێزی ئەو خواردنەوە چاکترە بەیانیان بخورێت، هەر بۆیە زۆربەی چێشتخانەکانی سەر و پێ، سەر لە بەیانی خواردنەکان ئامادە دەکەن و بەم بەیانییە کەسانێکی زۆریش دێن نۆشی دەکەن، جاران لە هەولێر شوێنی پاچەچییەکان لە نزیك باغی شاری بەرامبەر ئاگوکوژێنەوەی خانەقا بوو، ئەو خواردنە بۆ بەهێزکردنی ئێسك و جومگەکان و ئەژنۆ بەسوودە، ئەوانەی تووشی نەخۆشییەکانی ئێسك دەبن، لەلایەن دکتۆرەوە ڕێنمایی دەکرێن کە بۆ ماوەی هەفتەیەك سەر و پێ بخۆن، دەگوترێت کە سەر و پێی بەرخ خۆشترە لە گۆلك و مانگا، ئێستا سەر و پێی بۆ نەفەرێك بە (١٠) هەزارە و گیپپەش هەیە بە (٤) هەزارە، چەلاوی سەرو پێش هەیە دەکرێتە تێگوشە، بە (٢) هەزارە، زۆربەی خەڵکیش حەز بە مومبار و ریخۆڵەکی ناو سەرو پێی و مێشك و زمان و بنباڵ دەکەن.



# گەورەترین پەیکەری زێڕین

بیرۆکەی گەورەترین پەیکەری زێڕین لە وڵاتی چین، بۆتە مایەی نیگەرانی زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە، بەڵام دەسەڵاتداران و باڵی کۆمۆنیستی چین، بەردەوامن لە کارەکەیان تا گەورەترین پەیکەری سەرکردەی کۆمۆنیستەکەیان کە لە ساڵانی نێوان (١٩٤٣ تا ١٩٦٩) دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە و یەکسانی لە نێوان خەڵکی چینەوە گرتبووە بەر دروست بکەن، سەرەڕای ئەو هەموو ناڕەزاییانەی بەرامبەر ئەو پرۆژەیە کراوە، وەك ئەوەی ئەو سەرکردەیە هاوشێوەی (هیتلەر و ستالین) ستەمکار و توندڕەو بووە، کەچی گوێ بەو قسانە نەدراوە و پەیکەرەکە تەواو بووە، ئەو پەیکەرە بۆ (ماو زیدۆنگ) کراوە، تەواو بوونی پەیکەرەکە دەکەوێتە یادی (٤٠) ساڵەی مردنی ئەو سەرکردەیە، بەرزی ئەو پەیکەرە دەگاتە (١٤٩) مەتر، تا ئێستا نزیکەی (٤٥) ملیۆن دۆلاری تێچووە، ئەو پرۆژە ماوەیەتی و پێویستی بە رازاندنەوەی دەوروبەرەکەیەتی تا ببێتە شوێنێکی گەشتیاری و سەرچاوەیەکی داهات و پێگەیەکی پیرۆزی کۆمۆنستەکانی ئەو وڵاتە، بەشی هەرە زۆری ئەو کەرەستانەی لەو پەیکەرە بەکارهێنراوە زێڕ و زیووە، لەوەش سەیرتر لە ئێستاوە پێشبینی دزینی ئەو پەیکەرە دەکرێت، ڕەنگە نەتوانن پەیکەرەکە ببەن، بەڵام دەتوانن پارچە پارچەی بکەن و بیبەن.




# مارک زوکربێرگی فەیسبووک خەریکی دایبی گۆڕینە

دوای شەونخوونییەکی زۆر و کارکردن بۆ ماوەی ساڵێك، ئەو کوڕە گەنجە توانی پەرە بە بیرۆکەیەك بدات و هەموو جیهان خەریك بکات، پێشتر کوڕە قوتابییەکی زانکۆ بوو، ئێستاش یەکێکە لە ملیاردێر و کەسە بەناوبانگەکانی ئەمریکا و جیهان، ئەوەیە چیرۆکی ژیانی (مارك زوکربێرگ) داهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، مارك کەسێکی سادە و ساکارە، وەك کەسێکی ئاسایی و هەژار دەژی، سەرەڕای ئەو مولك وماڵەی هەیەتی، پێشبینی دەکرێت کە سەرمایەکەی بگاتە (٤٦) ملیار دۆلار، کەچی تا ئێستاش هەر خۆی دایبی منداڵە کچەکەی خۆی دەگۆڕێت، مارك تەمەنی (٣١) ساڵە و دوای ئەوەی لەگەڵ کچێکی چینی بە ناوی (بریسیلا شان)ی (٣٠) ساڵ دوو ساڵ لەمەوبەر بوونە هاوسەری یەکتر، کە ئێستاش خاوەنی کچێکن بە ناوی (ماکسیما)یە، لە دواترین کارە سەیرەکانی داهێنەری فەیسبوك و خەریککەری هەموو جیهان، لە شوێنێکی گشتی بوو، کە خەریکی گۆڕینی حەفازەی کچەکەیەتی، ئەوەش بووە جێگەی سەرسووڕمانی هەموان و زۆربەی خەڵکیش وێنەی ئەو کارە سەیرەی مارك زوکربێگیان گرت و دەستخۆشیان لێی کرد.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کارێك مەکە لە داهاتوودا پەشیمانت بکاتەوە و تووشی کێشە و گرفتت بکات، ئێستا وەك پێویست باری دارایيت باش نییە، ئەمە هەندێك هەڵەی تۆی تێدابوو، دەبوایە کاتێك پارەت زۆر بوو، رۆژێکی وەك ئەمڕۆت لەبەر چاو بووایە، بەڵام نیگەران مەبە، لە ئایندەیەکی نزیك باری دارایيت باشتر دەبێت.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠


هەنگاوەکانت بوونەتە جێگەی بێزاری کەسێکی خۆشەویستت و هەوڵبدە ئەویش بەشدار بێت لە ژیانی تایبەتیت، بە بێ هیچ ترسێك هەستی خۆت بە کەسی بەرامبەر بڵێ. ئەم ماوەیە لایەنی سۆزداری لەبەرژەوەندی تۆدایە. بەڵام کات و شوێنی گونجاو هەڵبژێرە کاتێك ویستت ئەو داوایەی ئاراستە بکەیت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بڕیاری داهاتووت داوە و تازە لێی پەشیمان مەبەوە و هەوڵی زیاتری بۆ بدە، متمانەت لە دەست مەدە و زیرەکانە مامەڵە بکە. هەست دەکەی رۆژ لە دوای رۆژ زۆربەی شتەکان لە بەرژەوەندی تۆدان، بەتایبەتی کاتێك دەبینی ئەنجامەکان بە شێوەیەکن وەك خۆت دەتەوێت، ئەمەش وات لێدەکات زۆر هەست بە ئاسوودەیی بکەی.





## پەند و وتە

شکسپیر بەرامبەر بە رق و خۆشەویستی دەڵێت:

خۆشت بوێم، یان رقت لێم بێت،
هەردووکیان بۆ من باشترینن!!
گەر خۆشت بوێم هەمیشە لەدڵت دەبم، گەر رقت لێم بێت،
هەمیشە لە خەیاڵت دەبم.

## دۆناتس بە زێڕ نۆش بکە


## وێنەی سێ رەهەندی لە نێو لەپی دەست

وێنەکێشان و تاتۆی سەر جەستە، ساڵانێکە بۆتە هونەرێکی تازە و رۆژ لە دوای رۆژ چەندین وێنەکێش و خولیای وێنەکێشان کاری ناوازە دەکەن، ئەوەتا پسپۆڕێکی جوانکاری ئیتاڵی بە ناوی (لۆکا لۆس) کە گەنجێکی تەمەن (٢١) ساڵە و پێشتر کاری وێنەکێشانی لەسەر کاغەز و تابلۆ دەکرد، بەڵام ئەوجارەیان بیری لە دەست و مەچەکی مرۆڤ کردۆتەوە تا ببێتە تابلۆی وێنەکێشان، بەم چەشنە چەندین وێنەی جوانی لەسەر دەست کێشاوە، کە زۆربەیان لە جۆری وێنەی (سێ رەهەندی – 3D)یە، سەیری ئەو وێنانە لەوەدایە کاتێک سەیریان دەکەیت، ئەودیوی دەستەکە دیارە، کارەکەی وا کردووە وەک ئەوەی نێو لەپی دەست روون بێت و رووەکەی دیکەش بە چاوی ببیندرێت.



## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لەو کارانە دەکات کە مرۆڤ بە هەڵە ئەنجامی دەدات، وەک ئەو کەسەی لە وێنەکەدا لە جیاتی بە پارچە دارەکانی پەیژەکەدا سەربکەوێ و لەم چاڵە رزگاری بێت، بەڵکو یەکە یەکەی پەیژەکانی لێکردۆتەوە و دەیسووتێنێت.





### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەگەڵ کەسێکدا چەندین کێشە و گرفتتان هەیە، هەوڵبدە ئەوجارەیان تۆ یارمەتی بدەیت و کارەکانی بۆ ئاسان بکەیت، زیاد لە پێویست خۆت ماندوو مەکە، لە ئایندە زیاتر بایەخی تەندروستی خۆت دەزانیت و ئەو کات هەست ئەکەی دەبوایە ئەو خاڵە گرنگەت لەبیر بووایە. زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

راز و نیازەکانی خۆت پشتگوێ مەخە و کاریان لەسەر بکە، کەسایەتیت جێگیرە و بڕیاری بەپەلەش مەدە، کەسێکی ژیر بە لە رەفتارکردندا، خۆت قسە لەگەڵ کەسی بەرامبەر بکە و ئەوەی لە دڵتدایە پێی بڵێ. دەکرێت ئێوە قسەی ناخی دڵتان بکەن بە بێ ئەوەی کەسێکی دیکە نهێنییەکانتان بزانێت.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بە بێ ئەوەی چاوەڕوان بکەی لەلایەنی سۆزدارییەوە گۆڕانکاریت بەسەردا دێت، کەسی بەرامبەر دەیەوێت زیاتر بایەخی پێ بدەی، بۆیە هەوڵ دەدات زیاتر سەرنجت رابکێشێت. بێزاریت نابێ ببێتە هۆی دواکەوتنت لە کارەکانت، هەروەها پێویستە خۆشەویستیت بۆ خێزانەکەت زیاتر بکەیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**



ئازاری خۆت مەدە، چونکە کەس لە ئەنجامدا بە هاناتەوە نایەت و تەنیا خۆت زەرەر دەکەیت، هەوڵبدە زیاتر ئارام بیت و هێمنی خۆت بپارێزی کاتێك تووڕە دەبیت. هەرچەندە زۆربەی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە بە خێرایی تووڕە نابن، بەڵام تووڕەبوونەکەیان بە ڕێژەیەکی زۆرە، پێویستە چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**



ئەرکەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە و کاری ئێستاش پشتگوێ مەخە، کەسێك چاودێریت دەکات و هەوڵبدە لێی دوور بکەویتەوە، خۆت وا پیشان بدە کە توانات هەیە ڕووبەڕووی هەر گرفتێك ببیتەوە، زۆر جار ئەو هەستە وات لێدەکات زیاتر گەشبین بیت و بە ئاسانی کێشە و گرفتەکانت چارەسەر بکەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**



تاکەی ئەوەندە لە خەم و بێزاریدا دەبیت، هەوڵبدە پشوویێك وەربگریت و ئارام ببیتەوە، کارەکانت ماندووت دەکەن، بەڵام بەردەوام بە، ئێستا گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە لە زۆربەی بوارەکاندا و هاوڕێکانت هەست بەمە دەکەن، چاوەڕوان بە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو هەواڵێکی خۆشت پێدەگات.

دۆنتس، یان دۆناتس، خواردنێکی بەجۆش و خێرایە، زیاتر لە وڵاتانی کیشوەری ئەمریکا دەخورێت، دونتسێکی ئاسایی نرخەکەی دەگاتە (٥ بۆ ١٠) دۆلار، لە یەکێك لە چێشتخانەکانی ئەمریکا بە ناوی ( مانێلا کلوب – Manila club) ئەو جۆرە خواردنەیان بە زێڕ داپۆشیوە، سەرەوەی دۆناتسەکە بە زێڕی عەیار (٢٤) داپۆشراوە، دەتوانی چینی سەرەوەی خواردنەکە لێبکەیتەوە، یان ئاساییە بشیخۆیت، چونکە بە جۆرێك ئامادە کراوە ئەگەر نۆشیشی بکەیت، زیانت پێناگەیەنێت، نرخی ئەو دۆنتسە (١٠٠) دۆلارە، واتە هەر لەفەیەك بە (١٢٥) هەزاردیناری خۆمانە، ئەو چێشتخانەیە دەکەوێتە ویلایەتی برۆکلین، زۆربەی ئەوانەی ئەو جۆرە خواردنە نۆش دەکەن، پیاوانی سەرمایەدار و بە بەرچاوی کچە خۆشەویستەکانیانەوە ئەو کارە دەکەن بە مانای زێڕ ئەوەندە گرنگ نییە لەلامان و ئەو بڕە پارەیەش زیانیان پێناگەیەنێت.




## یاری پیت

هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ی | ی | ن | ە | ر | پ | خ |

ئاسانکاری : خواردنێکی کوردەوارییە.

## بۆ زانیاریت

**- کلینیکس**

سەرەتای سەرهەڵدانی کلینیکس و خاولی کاغەز ئەوانەی لە ژووری گەرماودا بەکاردەهێندرێن، بە ڕێکەوت پەیدا بووە و کە لە ڕووداوێکدا ئەو کەرەستەیە دروست بووە، وشەی (کلینیکس – Kleenex) ناوێکی بازرگانی ئەو کۆمەڵە بەرهەمەیە کە لە کاغەز دروست دەکرێن، سەرەتای ئەو بەرهەمە لەلایەن کۆمپانیای (کیمبرلی کلارك- Kimberly-Clark) دروست کراوە، مێژووی سەرهەڵدانی کلینیکس بۆ ساڵی (١٨٧٩) دەگەڕێتەوە، لە شاری بنسلڤانیای ئەمریکی، لەلایەن کۆمپانیای (ئارتەر سکۆت) و کە هەردوو برا (ئارتەر و ئیرڤین) سەرپەرشتییان دەکرد، کاری دروستکردنی کاغەزی نووسین بوو، بەڵام جارێکیان بە ڕێکەوت لە کاتی دروستکردنی کاغەزی نووسین، چینەکەیان بە هەڵە لێدابوو، هەر بۆیە کاغەزەکان تەنك دەرچوون، لەو کاتەوە ویستیان ئەو کاغەزە تەنکە فڕێ بدەن، بەڵام دواتر یەکێك لە کرێکارەکان دەستی پیس دەبێ و بەو وەرەقە تەنکانە دەسڕێتەوە، دواتر لە ساڵی (١٩٣١) گرنگی تەواو بەو بەرهەمە درا و تا ئێستا چەندین بەرهەمی دیکەش لە کلینیکس دروست دەکرێت، بەم جۆرە بیرۆکەیان بۆ دروستکردنی ماددەیەك کرد کە لە کاغەز دروست کرابێت بۆ کاری پاککردنەوەش بەکاربێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**



هەرگیز لەگەڵ کەسانی نزمتر لە خۆت مامەڵە مەکە، ئەگینا هەمان وانەی ئەوان فێر دەبیت، بەمەش دەکەویتە ناو کێشە و گرفتەوە. ئەم ماوەیە چەند کارێکی گرنگ ئەنجام ئەدەی و هەست بە ئاسوودەیی دەکەی. هەر ئەمەش وا دەکات لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستکەوتی گرنگتر بەدەست بهێنیت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**



خۆشی و شادە لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەت بەدی دەکەیت و هەست بە ماوەیەکی ئارامی دەکەیت، ئەو کێشانەی ڕابردوو بەم جۆرە چارەسەر دەبن، دەبێت سوود لەم کاتە گرنگە وەربگریت بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت، بەخت دەبێتە هاوڕێت و زۆربەی شتەکان لەبەرژەوەندی تۆ کۆتاییان پێدێت. دەبێت بەشێوەیەکی زانستی بەرنامە دابنێی.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**



ناکرێ کەسێکی ئەوەندە نزیکت فەرامۆش بکەیت و چونکە جێگای لەلای تۆ بەرزە و جێی متمانەیە، دوربکەوە لەو کەسانەی هەوڵ ئەدەن پەیوەندی نێوان خۆت و نزیکترین هاوڕێت تێك بدەن، بە قسەی کەس مەکە و تۆ زیاتر لە هەر کەسێك هاوڕێکەت ئەناسیت بۆیە مەهێڵە ئەو قسانە هیچ کاریگەری دروست بکات.